کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
16-5-2007 23:31بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**فەلسەفەی ئیسلامی چییە؟ گەڕان بەدوای واتاکانی فەلسەفەی ئیسلامیدا ... ن/ د. موحسین عەبدولحەمید ... و/ ڕێبین ئەحمەد ڕەشید**

(ا ـ 2)

پێناسەی فەلسەفەی سوکرات و ئەفلاتون بریتییە لە لێکۆڵینەوەی عەقڵ و ژیری و گەڕان بەدوای ڕاستێتی و حەقیقەتی شتەکاندا بۆ بەدیهێنانی چاکە و گەیشتنی بە حەقیقەتێك و ڕاستییەك.
پێناسەیەکی دییان بۆ کردووە کەوا فەلسەفە بریتییە لە لێکۆڵینەوە لە بوارەکانی سروشت و جوانی یاساکانی و بنەما سەرەتاییەکان و گەڕان بەدوایدا.
(ئەرستۆ) دەڵێت: فەلسەفە بریتییە لە زانستێکی گشتی بە بوونەوەرەوە لە هۆکار و ناوەڕۆك و نارێکییە سەرەتاییەکانی دەکۆڵێتەوە. (کیندی) وای پێناسە دەکات کە بریتی بێت لە زانینی شتەکان و گەیشتن بە ڕاستییەکان.
هەروەها (فارابی) دەڵێت: فەلسەفە زانینی شتە، (ئیبن سینا) پێی وایە کە فەلسەفە بە مانای داواکاری دەروونی مرۆڤایەتی بەرەو کەماڵ و ڕاستێتی تیۆر و شتە پراکتیکییەکان دێت. لە ڕوویەکی دیکەوە (ئیبن ڕوشد) وای پێناسە دەکات کە فەلسەفە بریتییە لە ڕوانین و وردبوونەوە لە بوونەوەرەکان لە ڕووی بەڵگەکانیان لەسەر دروستکاریان.
بەڵام (دیکارت) وای دەبینێتەوە کە فەلسەفە بریتی بێت لە زانستێکی گشتی بۆ گشت زانستەکان.
(کانت) دەڵێت: فەلسەفە بریتییە لە زانستی یاساکان کە دەردەکەوێت بۆ لێکۆڵینەوەکان لە گەرمەی هەستانیان لە کرداری ڕەخنەگرتن لە کارەکە، هەروەها دەڵێت: (فەلسەفە ناسینی عەقڵە تازە پێگەیشتووەکانە بۆ ناسینی ئەو شتانەی کە بە عەقڵ هەستیان پێ دەکرێت) .
بە ڕای بەندە ئەم پێناسانە یەکدەگرن لەوەی کە فەلسەفە بریتی بێت لە لێکۆڵینەوەی گەرم و گوڕ و بەردەوام لەو شتانەی کە لەم بوونەوەرەدا بەو لێکۆڵینەوە کە بنەما و مەبەستەکانی و پاشان هەوڵدان بۆ ناسینی ئەو گرێ و کۆسپە لاوەکیانەی کە پەیوەندییان بە شتە بووەکانەوە هەیە لە ڕوانگەی بوونەوەرو لە گەرمەی پێشکەوتنیان هەر لە سەرەتاوە تا سەرەنجام.
ئەگەر مەبەست لە فەلسەفەی ئیسلامی بریتی بێت: لە هەوڵدان و لێکۆڵینەوە بۆ گەیشتن بە نهێنیەکانی بوونەوەر بەپێی پەیڕەو و پرۆگرامێکی دیاریکراو لە دەرەوەی بازنەی ئیسلام، ئەوا ئەو پێناسەیە ڕاست نابێت و ئەو کاتە ناگونجێت ناوی بنێین ئیسلام فەلسەفەیە، ناشگونجێ بڵێین فەلسەفەی ئیسلام یا فەلسەفەی قورئان، چونکە خوای گەردوون لە قورئاندا بە ڕاست و دروستی و لە دڵنیاییەوە ڕاستییەکانی دەستەبەر کردووە لەبەردەم مرۆڤایەتیدا، نەوەکو هاتبێت لە ڕێگەی سەرەنجام و لێکۆڵینەوە هەوڵی ڕاستی شتەکانی دابێت، کە ئەو بۆچوونە هەڵە و ڕاستی هەڵدەگرێت و دەشێت دروست و نادروستی لێ بکەوێتەوە، بەڵکو هاتنی ئیسلام بەرهەم و سەرەنجامی خوایەکە ڕاستە و هیچ گومانێکی تێدا نیە کە محەممەد α نێردراوە بۆ سەروەری ئەم دنیایە ئەم شێوەیە پێی دەڵێن دین نەك فەلسەفە، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ کە ئاین و فەلسەفە دژی یەك بووەستنەوە، نا بەڵکو فەلسەفە دامەزراوە لەسەر پێشەکییەکی بەڵگەداری عەقڵی ڕاست و دروست و، پێویست بەوە دەکات ڕێك بخرێت لەگەڵ بنەماکانی ئایندا.
ئێمە هەروا ناتوانین بڕیاری دروستی و نادروستی فەلسەفە بدەین هەتا نەگەڕێینەوە بۆ قورئان، ئەوکات بڕیار دەدەین لەسەر بنەڕەتێکی هەڵە وەستاوە، یان ئارەزوو و بۆچوونی ژینگە و بارودۆخی ژیان بڕیاری جۆراوجۆری لەسەر داوە، لادان لێرە لادانی فەلسەفە و ڕاست نییە، بەڵکو ئەوە لادانی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

www.kurdistannet.org
16-5-2007 23:31بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

مرۆڤە لەو فەلسەفەیە و بەگوێرەی پێویست کەرەستەی پێویستی نەبووە، بۆ بیرکردنەوەی ساغ و دروست یان حاڵەتی نێوان مرۆڤ و نێوان بەکارهێنانی دروست نەبووە تا لێوەی وەرگرتن دیاری بکات.

کەواتە بە بۆچوونی من فەلسەفەی ئیسلامی بریتییە لە هەوڵدانی بیریاران و فەیلەسوفانی موسڵمان بۆ بەدیهێنانی وردبوونەوەی عەقڵییەتی ڕاست و بێ پێچ و پەنا لە بەڵگە قورئانییەکان لەسەر بوونی خودا، درێژەدان بەو بەڵگە ڕاست و ڕەوانانە و ڕۆشن کردنەوەیان بە قووڵی و دوور و درێژی. سەلماندن و هێنانەدی بەڵگەی مەنتیقی ڕاست و دروست بۆ بیروباوەڕەکانی تری ئیسلام، لە پێغەمبەرایەتی و پاشەڕۆژ و کردارەکانی مرۆڤ و قسەکردن لەسەر بڕیارە یاساییە کردارییەکان و پشتگیری کردنیان بە ئەقڵی ڕاست و دروست و بیرکردنەوەیەکی پرۆگرامی قووڵ لە هەموو پرسیارەکانی بوونەوەر و ژیان و چوارچێوە ڕاستەقینەکانی ئیسلام.

بەگشتی هەر فەلسەفەیەك پێناسە بکرێ بەوەی کە فەلسەفەیەکی ئیسلامییە پێویستە لە ڕاستیدا هەڵقوڵاوی یەکێ لە بنەڕەتەکانی ئیسلام بێت و ڕاست و دروست بێت بەرامبەر پێوەرەکانی ئیسلام لە سنوری تێگەیشتنێکی بنەڕەتی بۆ بنەماکانی لە هەموو لایەنەکانی ژیاندا.

بەڵام ئەوەندە بەس نییە بدوێین لەسەر فەلسەفە و لێکدانەوەمان بۆ پێناسەی فەلسەفە هەبێت، چونکە هەڵگرانی ئیسلام بەدەر لەمە خاڵی دەرچوونیان لە ئیسلام و بیروباوەڕی ئیسلامەوە نەبووە.

ئەم جۆرە لە فەلسە ناچێتە قاڵب و خانەی فەلسەفەی ئیسلامەوە، بەڵکو ئەوە بریتیە لە بیرکردنەوەی کۆمەڵێك لە بیریاری موسڵمان کە بیرکردنەوەکانیان بیرکردنەوەیەکی دروست ئیسلامییانە و لە بنەڕەتەکانی ئیسلامەوە سەرچاوەیان نەگرتووە، بەڵکو پێچەوانەی یاسا بنەڕەتییەکانن و عەقڵیەتێکیان پێکهێناوە کە سەرچاوەکانی ڕۆژئاوایە، واتە عەقڵییەتێکی ڕۆژئاواییان گواستۆتەوە بۆ ناو ئایدۆلۆژیای ئیسلامی.

بە ڕاستی ئەوەی ڕوی دا لەلای لێکۆڵەرەوان ئاڵۆزییەکی گەورەبوو لە بارەی ئەم باسەدا، کە گومانیان وابوو، فەلسەفەی ئیسلامی ئەوەیە کە نموونەی وەك (فارابی و ئیبن سینا و کۆمەڵێك لە برایانی ێەفا و کۆمەڵێك لە فەیلەسوفەکانی ئەندەلوس، نموونەیان وەك ئیبن باجە و ئیبنو ئەسین و توفەیل) تەمسیلی دەکەن.

زۆێك لە نووسەر و بیریارەکان لە بری ئەوەی خۆیان خەریك بکەن بە توێژینەوە و بەراورد کردنی وتەکانی ئەوان لەگەڵ فەیلەسوفە یۆنانیەکاندا، لەوەدا دەستەپاچە دەبن و دەکەونە ژێر کاریگەری و هزری ڕۆژهەڵاتناسەکان بەوەی کە دەڵێن، ئەوانە چەند فەیلەسوفێکی ئیسلامی ڕەسەنن لە گۆڕەپانی بیر و فەلسەفەدا و نوێنەری فەلسەفەی ڕاست و دروستی ئیسلامن.

بەڕاستی ئەو فەیلەسوفانەی کە ناوی خۆیان نابوو بە کاردروستانی ئیسلام و خزمەت کردن بە ئیسلام لە ڕێگەی هزریانەوە، زۆربەی زۆری بۆچوونەکانی فەیلەسوفە یۆنانیەکانیان وەرگرتبوو، کەوتبوونە ژێر کاریگەری و هزری ئەوانەوە، ئەمەش شتێکی نوێ نیە کە هەندێ لێکۆڵەرەوە تازەکان ئاگایان لێی بێت بەڵکو ئەمە پێشتر گەورە پیاوان و زانایانی ئیسلام ئاگاداری بوون و باسیان لێوە کردووە، هەندێك لەو زانا و بیریارە گەورانە بە نموونە دێنینەوە کە بە توانا بوون لە لێکۆڵینەوە و بەراورد کردنی وتەی ئەو فەیلەسوفانەی ئیسلام و بۆچوونی فەیلەسوفە گریگییە کۆنەکان.

هەروەك حوجەتولئیسلام پێشەوا (غەزالی) لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا بە ناوی (تهافت الفلاسفه) دا بە جوانی ڕونی کردۆتەوە، هەروەها مامۆستای ئیسلام (ئیبن تەیمیە) لە کتێبەکەیدا بە ناوی (مواققە ێحیح المنقول لێراع المعقول) باسی لێوە دەکات و بە جوانی ڕوونی دەکاتەوە، ئەمە جگە لەو نوسراوە زۆرانەی کە زۆرێك لە بێژەرانی ئەشعەری و موعتەزیلە لێی دواون و بە توندی بەرپەچی ئەو

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

فەیلەسوفانەیان داوەتەوە و رونمان کردۆتەوە کە بیر و بۆچوونەکانیان نامۆیە بە ئیسلام و تەنها دووبارەکردنەوەی بیروبۆچونی فەیلەسوفە گریکییە کۆنەکانە.

بە راستی زۆرێك لە لێکۆڵەرەوەکان بۆچوونیان وایە و لەوەدا یەکدەگرن کە فەیلەسوفانی یۆنانی باوەڕیان پێی بووە، هیچ گومانێك لەوەدا نەماوە کە ئەو فەیلەسوفانەی کە باسمان کردن نزیکی ئەو فەیلەسوفە ئیسلامییە بەتینە ناکەون کە لەسەر بنەڕەتی بیروبۆچوونی ئیسلامی گشتگیر دامەزراوە.

کاتێك سەرنج لە بیرکردنەوەکانی فارابی دەدەین بۆمان دەردەکەوێت کە بیروبۆچوونێکی ئەرستۆیی هەبووە بۆ لێکۆڵینەوە و تێڕامان لە شتەکان و کاتێك کەوتووەتە نێو بازنەی مەنتیق پێشبینی لە مەنتیق دا دروست کردووە، بە پێشینیەك لە بیرکردنەوەی داو گریمانێکی لەلا دروست بووە یان وێنەیەکی بیرکردنەوە و لەلایەکی دی جەستەیەکی بیرکردنەوەشی بۆ دروست بووە کە یەکێکیان پەیوەست بووە بە ئەوەی تریانەوە، پاشان تەماشای کرد دوا لێزمەی لە بیر و هۆشدا دەگۆڕی لە بوونی واقیعدا بۆ یەك پارچەی پێکەوەنوساو، فارابی وەك ئەرستۆ پێی وایە کە ئەم جیهانە هەر بووە و دان دەنێ بەوە عەقڵە دروستکراوەکەی دوای عەقڵی یەکەم، کە یەکەم عەقڵی بزاوە کە ناجوڵێت و جوڵاندنی لە تۆپێکی قەبارە نزم دەچێت، پاش ئەوە وەك وێنەی تۆپێکی جێگیر کراو وایە، پاشان دەگۆڕێت و شێوەی لە تۆپێکی زوحەلی لەسەر دەرونمان ئەمیش عەقڵی جیهانی زەوییە و ناونراوە عەقڵی کردە.

هەروەك دەبینین تیۆری خۆشبەختی و گەیاندن لای فارابی وەرگیراوە لە فەلسەفەی ئەرستۆ، ئەو دەڵێت بەڕاستی ژیانی عەقڵگەرایی مەبەستە لە خودی عەقڵ، هەر کاتێك مرۆڤ خۆی ماندوو کرد و لە توێژینەوە ورد بووەوە، یان بە بیرکردنەوە مژوڵ بوو ئەوا دەبێتە هاوشێوەی خودا، یان دەڵێت ئەو عەقڵانەی کە شتەکان لە یەکتری جیادەکەنەوە ئەوانە کە هەست پێکردنێکی بەردەوام و تێڕامانێکی بەردەوامیان هەیە، کە ئادەمیزاد پچڕا لەم هەوڵ و ماندووبوونە تیۆرییە ئەوا نزیك دەبێتەوە لە بوونەوەرە بڵندەکە و سەرکەوتووە بەختەوەرەکە و هیچ بەختەوەرییەك لە دوایەوە نیە.

ئەم تیۆرە وەرگیراوە لە دەقی رەسەنی ئەرستۆ لە پارچەیەك لە چاکەی ناوازە کاتێك لە کتێبێکدا بە نێوی (الاخلاق)، ناوی بە چاکە کە پێکهاتووە لە یەك پارچە لە تێڕامانی عەقڵی و بە پێچەوانەی شتە چاکەکانی مرۆڤایەتییە، لە روویەکی ترەوە کە پەیوەستە بە لاشەوە ئەمیش هێزێکی تێڕامانە کە پەیوەستە بە خۆیەوە و هەست بە حەق و راستییەکی رەها دەکات، هەر لەبەر ئەوەش کە چاکە بەرز و بڵندەکان پەیوەندییان بە بەرزترین شتی مرۆڤەوە هەیە کە ئەویش (ژیری) یە.

بەڵام کاریگەری (ئەفلاتون) لەسەر فارابی بەشێوەیەکی روون و ئاشکرا دەردەکەوێت بەتایبەتی لە کتێبەکەیدا (ارا و اهل المدینە الفاچلە) (بیروبۆچوونی دانیشتوانی شارە نموونەییەکە) کە نووسیویەتی لەسەر هاوشێوەی کۆمارەکەی ئەفلاتوون و کردوویەتی بە دیاری خۆی لە زۆرێك لە بیروبۆچوونەکانی کە پێچەوانەی بیروبۆچوونە رامیارییە ئیسلامیەکانە.

تێڕوانینی فارابی لە بارەی پێغەمبەرایەتییەوە تێڕوانینێکی خەیاڵاوی و لەسەر بنەڕەت و بۆچوونی تۆبیایی وەستاوە. زۆر پشتی بە کۆمارەکە (ئەفلاتوون) بەستووە زیاتریش لە رووی شتە دەروونییە بچووکەکانی ئەرستووە باسی لە پێغەمبەرایەتی (محەممەد α) کردووە و پێغەمبەر لە بیروبۆچوونی ئەو تەنها کەسێکی چاکسازە.

لە رووی کۆمەڵایەتییەوە، خاوەنی هەندێ تایبەتمەندی زیاتری دەروونییە، هەروەها پێغەمبەر هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ فەیلەسوفەکاندا نییە، ئەو دەڵێت: چ پێغەمبەر چ فەیلەسوف کۆتاییان بۆ یەك

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

سەرچاوەیە و هەر لەو سەرچاوەوە درێژە بە کارەکانیان دەدەن و وەرگرتنی زانیارییشان هەر لەو سەرچاوەوەیە.
پیرۆز ڕاگرتنی فەیلەسوفە یۆنانیەکان لەلایەن (فارابی) یەوە، هەڵە نەکردنیان بە بۆچوونی ئەو، دامەزراوە لەسەر بنەڕەتێکی لۆژیکی و پاڵی پێوە ناوە بۆ نووسینی کتێبێك بۆ کۆکردنەوەی هەموو بۆچوونەکانی ئەو دوو حەکیمە، (ئەفلاتوون و ئەرستۆ) و هەموو بیروبۆچوونەکانیانی ڕێکخستووە و هەوڵی داوە ئەو دژایەتیانەیان کە لە بیروبۆچوونەکانیاندا هەیە نەیهێڵێت لەسەر ئەوەی کە ئەو دژایەتیی شتێکی زادەکی دەرەکیی، نەوەکو دژایەتیەکی ناوەکی و ڕاستەقینە بێت.
لێرەدا لەسەر فارابی دەوەستین و دێینە سەر شی کردنەوەی (ئیبن سینا)، ئیبن سیناش پارچەیەك یان شتێك لە هزری فارابی بووە و کەوتووەتە ژێر بیروبۆچوونەکانی فەیلەسوفەکانی یۆنانییەوە.
بوونەوەر لای ئیبن سینا کردەیەك یان دروستکراوێکی خواییە و لە ڕێگەی عەقڵێکی تەواوەوە دروست کراوە، عەقڵی عاقڵەکان لای ئەرستۆ و چاکەی ڕەها لای ئەفلاتون و نەخۆشی نەخۆشەکان لای سوکرات، هەروەها کۆتایی دێت لە ڕوویەکەوە بۆ دیهێنانی عەقڵی بەدیهێنەر جگە لە خودا کە ئەمەش بۆچوونی ئەفلاتونە لەلایەکی ترەوە کۆتایی دێت بۆ ئەو قسەیەی ئەرستۆ کە دەڵێت: ئەم جیهانە هەر هەبووە و دروست نەکراوە، کە ئەم بیروبۆچوونە زۆر جیاوازە لەگەڵ قورئاندا، بە مەرجێك دروستکەری بوونەوەر لە تێڕوانینی ئیسلامدایە و دروست کەرەکەی خودای گەورەیە و شتەکان لە نەبوونەوە دروست کراوە، دەتوانین بڵێین ئیبن سینا هیچ شتیکی نەکردووە یان هیچ داهێنانێکی نەبووە لە بارەی دەروون و دەرونزانییەوە، ئەوە نەبێت کە هەموو بۆچوونەکانی پاییەگۆریان (فیساگۆرس) ئەنباد و قلیس و دیموقراتسی گوێزاوەتەوە، پاشان کورت کردنەوەیەکی بۆ کتێبەکەی ئەرستۆ کردووە و بۆچوونەکانی ئەرستۆی شیکار کردووە، هزری ئەرستۆ لەو کتێبەدا بە ناوی (القس) ڕوون کراوەتەوە، کاکڵە و ناوەرۆکی دەروون لە بۆچوونەکانی ئیبن سینادا ئەگەر داهێنان بێت ئەوا بە دڵنیاییەوە ئەفلاتوون لە پێش ئەوەوە بووە و پیاوانی قوتابخانەی ئەسکەندەرییە فراوانیان کردووە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.